گەنجێکی کورد لە خورماتو لەلایەن هاوڕێیەکیەوە کوژرا

کەمێک پێش ئێستا گەنجێکی کورد لە خورماتوو لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە بە چەقۆ کوژرا و بە وتەی پۆلیس "بکوژەکە پێشتر پێشینەی تاوانی هەبووە و ئێستا دەستگیر کراوە".

ئەمە یەکشەممە ٨ـی شوباتی ٢٠٢٦، چاوگێک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خورماتوو بە میدیاکانی وت، ئەمشەو گەنجێکی کورد لەلایەن هاوڕێکەی خۆیاوە بە چەقۆ کوژراوە.

ئاماژەی بۆشکردووە، دەستبەجێ تەمتبارەکەیان دەستگیرکردووە و لەکاتینووسیان لە رووداوەکە دەستپێکردووە و بەپێی زانیارییەکان بکوژەکە پێشتر پێشینەی تاوانی هەبووە.